کۆکوژی بارزانیان و دوو تابلۆی تاوان

لەهەردوو قۆناغی لێکۆلینەوە ودادگایی کردنی تاوانبارانی کۆکوژی بارزانیەکان بەندە ئامادەییم هەبوو، ئەوکات وەک بریاردەری لیژنەی بەدواداچوونی کەیسەکانی جینۆساید لەدادگای بالای تاوانەکانی عێراق کارم دەکرد بەهاورێیەتی تیمێکی بەهێز و دلسۆز وماندوو نەناس لەپارێزەر وماف پەروەران، حکومەتی هەرێم سپۆنسەری ماددی تەواوی ئەو تیمەی دەکرد، لەقۆناغی لێکۆلینەوە مرۆڤ بەرگەی بیستنی چیرۆکی شایەتحاڵەکانی نەدەگرت، بارینی مەرگ و داهێنان لەتاوان، خەسڵەتی شاڵاوەکە بوون، سەربرینی نێرینە وکۆتا هێنان بە رەچەڵەک ئامانجی هێرشەکان بووە، بە باسکردنی دوو تابلۆی تاوانی سادە لەدەفتەری یادەوەری ئەوکاتەمدا یادی قوربانیانی تاوانی کۆکوژی بارزانیان دەکەمەوە ومەبەستیشمە باسەکەم بگاتە گوێی ئەوانەی ستەمی بەعسیان نەدیوە وبەم ئازادیە کاڵ رەنگەی ئێستا زۆر نارازین، هەروەها زۆریشم مەبەستمە ئەوانەش راچڵەکێنم کەئیستا ستەم کردن لایان ئاساییە وکۆتاییەکەی نابینن:

1. تابلۆ تاوانی یەکەم:

دایکێک بەدادگای لێکۆلینەوەی وت: کورە تاقانەکەم تەمەنی نزیکەی ١٢ ساڵان بوو، لەڕۆژی پیاو قڕانەکەدا پاسەوانی کۆماری هاتبون وئەوی نێرینەیان ببینیایە وتەمەنی سەرو ١٠ ساڵان بوایە دەیانگرت و دەیانبرد، مناڵ بوایە وناسنامەی نەبوایە سەیری توکی بەر وبن باڵیان دەکرد تابزانن ٩ ساڵی تەمەنی رەد کردوە، ماڵ بەماڵ دەگەران ولەژێر پێخەف وناو بیر وکەنتۆر و سەلاجە وئافری ئاژەڵیشدا دا خەڵکیان دەردەهێنا، ناچار بەخۆم وبەکچانەوە کورە تاقانەمان خستە ناو فەرشێکەوە ولولمان کرد ولەسەر دوو تەنەکەی رۆنمان دانا وفەرشەکانی ترمان لەسەر دانا وبە بەتانیەک دامانپۆشی، سەربازەکان هاتنە ژوورەوە وهەموو ماڵیان پشکنی وهیچیان نەدۆزیەوە، لەچونە دەرەوەیاندا ئێمە دڵخۆش بووین، بەڵام هێشتا لەناو ماڵەکە مابوون لەناکاو زەنگی کاتژمێرێک بەخێرایی لێیدا، دوو سەرباز گەرانەوە وبەرەو دەنگەکە چوونە ژوورەوە، زەنگەکە هەر بەردەوام بوو، دەرکەوت زەنگی سەعاتێکی ئەلەکترۆنی دوو دینار بایی ئەوکاتە بوو کەلەدەستی کورە تاقانەدا بوو، کورەیان دۆزیەوە و بەبێ گوێدانە هاوار وپارانەوە وتکا ونزای ئێمەی دایک وخوشکی بردیان وهەرگیز نەمانبینیەوە.

2. تابلۆ تاوانی دووەم:

لاوێک وەک شاهید حاڵ بۆ دادوەری گێرایەوە: وتی ئێمە کۆمەڵێک منداڵی بارزانی بووین لە قوشتەپەی نزیک هەولێر، لەقوتابخانە پێکەوە قوتابی یەک پۆل بووین، لەپۆلی چوارەمی سەرەتایی مامۆستای وانەی کۆمەڵایەتی لەوانەیەکدا باسی خێزانی بۆ کردین کە بنچینەی کۆمەڵگایە، وە وتی خێزان لە باوک و دایک و منداڵەکان پێک دێت، ئێمەتا ئەو کاتە ئەوەمان نەزانیبوو، هەرگیز باوکمان لەناو خێزاندا نەبینیبوو، گەورەکانی خۆشمان لەخوشک و دایک ئەو راستیەیان لەئێمە شاردبوویەوە، گەراینەوە ماڵەوە و روبەروی خوشک ودایک بوینەوە وپرسیمان کوا باوک لەماڵی ئێمە، ئەوانیش کەزانییان لەقوتابخانە ئەو وانەیەمان خوێندوە وچیتر ناتوانن لێمان بشارنەوە، بەگریانەوە راستیەکەیان پێ وتین کەباوکمان بەر شالاوی گرتن کەوتون ودیار نەماون، وە هەمان کات لەماڵەکاندا پرسە نوی بوویەوە وگریان ولاواندنەوەی ژنان بەردەوام بوو. هەروەها وتی من ئەوکات زانیم کەسێک لەناو خێزان هەیە ناوی باوکە، وە زانیم منیش هەمبوە بەڵام هەرگیز نەمبینیوە چونکە من لەناو لانک بووم گاردی کۆماری بەعس تاوانی پیاو قرانیان ئەنجامداوە لەناو عەشیرەتەکەماندا.

پارێزەری راوێژکار

نجم الدین حمەسعید حمەامین

٢٠٢١/٨/٢